# تۆپی دەستی کچان
# لە کوردستان



بێجان ئیبراهیم

**(بێجان ئیبراهیم) سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان وتی** «ئێستا ئاستی یاری تۆپی دەستی کچان لە سەرەتایە،چونکە چەند ساڵە نە خولی بنکەکانی لاوان نە خولی پەروەردەکان ئەنجام نەدراوە،بەڵام ئەمساڵ کە خۆم بەڕێوەبەری چالاکی وەرزشی هەولێرم خولی تۆپی دەستیم کردۆتەوە بۆ ئاستی قوتابخانەکانی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی،ئەگەر یانەکان و بنکە وەرزشییەکان تیپی تۆپی دەستی دروست بکەن.خۆم بە گەشبین دەبینم کەوا ئاستی ئەم یاریە لە کوردستان گرنگی پێدەدرێت و بەرەو پێشچوون بە خۆیەوە دەبینێ،لەبارەی کێشەکانیشاین وتی «یانەکان ئەو توانا داراییەیان نییە کەوا خولی تۆپی دەستی بکەینە دووقۆناغ وەکو خولی کوڕان،وتیشی «کێشەی نەبوونی یاریگای تایبەتمان هەیە بەم یارییە نە لە چالاکی وەرزشی و نە وەکو یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان. بەڵێنی ئەوەشیان پێداوین کەوا هۆڵێکی تایبەتمان بۆدروست بکەن.

**(مامۆستا نامیق خدر) ڕاهێنەری تیپی دەستی کچانی قەڵای هەولێر لەبارەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان وتی** «بەڕاستی ئێستا ئاستی تۆپی دەستی بۆ کچان لە کوردستان ترووسکاییەك هەیە،هەندێك یاریزانی گەنج پەیدا بوون کە ئاستیان زۆر بەرزە، وتیشی «ئەگەر گرنگی بە ئاستی کچان بدرێت یاریزانی زۆر بەتوانا لەسەر ئاستی کوردستان دروست دەبن،بەڵام ئێمە کێشەی نەبوونی یاریگامان هەیە لەم یارییە،چونکە یاریگا هۆکارە بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە لە کوردستان،ئێمە وەکو کچانی قەڵا زۆر سوپاسی پەیمانگای وەرزشی هەولێر دەکەین،کە یاریگای خۆیان بۆئێمە دابین کردووە بۆ مەشقەکانمان.

**(محەمەد عەبدولرەحمان) سەرپەرشتیارو ڕاهێنەری کچانی یانەی سیروانی نوێ وتی**




مامۆستا نامیق خدر

«ئێستا لە سایەی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان،واخەریکە ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بۆکچان بەرەو پێش دەچێت و وەکو ساڵانی پێشووی لێ دێتەوە،ئێمەش وەکو سەرپەرشتیاری یانەی سیروانی نوێ لەشاری سلێمانی گرنگی تایبەت بە کچانی شارەکەی خۆمان دەدەین،بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرز بێتەوە و کچانی ئێمەش زیاتر بێنە نێو یاری تۆپی دەستی،وتیشی داواکارم کەوا پاڵەوانەتیەکان لە کات و ساتی خۆی ئەنجام بدرێت،نەوەك بچێتە ساتێك کە یاریزانەکانمان هەمو یان قوتابی کۆلیژ وپەیمانگان و لەناو تاقیکردنەوەکان دان، لە بارەی



**یاری تۆپی دەستی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە شایەنی باس کردن بێت. هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەوا تا ئێستا زۆربەی یانەکانی کوردستان لە ئاستی کچان بەدەست نەبوونی شوێنی مەشق کردن دەناڵێنن، بە پێچەوانەوە لە وڵاتی تر گرنگی زۆر بە ئاستی کچان دەدرێت، ئێمەش لە بارەی ئاستی ئەم یارییەش لە کوردستان ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**

**راپۆرت: کارزان کانەبی**



**مەحمەد عەبدوڵ رەحمان**

کێشـــەکانی تۆپی دەســـتی کچانیش وتی «پێویســـتە یانەکانی کوردستان وەکو تیپی کوڕان تیپی کچانیش زۆر دروست بکەن،هۆڵی تایبەت دروست بکرێت بۆکچان.

**(سوها عەلی) یاریزانی ئافرەتانی کەرکوک وتی** «ئاســـتی یاری تۆپی دەستی ئێستا لـــە قۆناغێکـــی باشـــدایە و هەندێکیانە گرنگی تایبەت بە ئاســـتی کچان دەدەن و هەندێکیـــش گرنگیەکەیان وەکو پێویســـت نییە،پێویستە لەسەر یانەکانی کوردستانیش بتوانـــن قوتابخانـــەی پێگەیاندنی یاریزانان دروســـت بکەن،بۆئـــەوەی یانەکانیش بتوانن ســـوود لە تواناکانی کچـــان وەبگرن،ئێمەش وەکـــو یاریزانی یانـــەی ئافرەتانی کەرکوك گرنگی باشـــمان پێدەدەن.هەرچیەکیشـــمان لەتوانادابێـــت خزمەتـــی وەرزش دەکەین،لە بارەی کێشەکانیان وتی «نەبوونی هۆڵێکی داخراو کێشەی زۆربەی یاریزانان و یانەکانە، بۆیە بە دروستکردنی هۆڵی داخراو کێشەی زۆربەی یانەکان چارەسەر دەبێت.

**(شـــەیما ئەبابەکر)یاریزانی قەڵای تورکمان وتی** «ئێستا لە کوردستان گرنگی بە یاری تۆپی دەستی کچان دەدرێت،بەڵام گرنگەیەکە وەکـــو پێویســـت نییـــە، چونکـــە زۆربەی یانەکان تاکو ئێســـتا لەسەر یاریگای سەببە مەشـــقەکانیان ئەنجام دەدەن،زۆر لە یانەکان ناتوانن یاریزان دروســـت بکەن،قوتابخانەی پێگەیاندنـــی یاریزانان لـــە کوردســـتان نییە،بـــەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوای ئەوەمان زۆرە یاریزانی بەتونا بێنە نێو ئەم یارییە و بتوانن ململانێـــی یانەکانـــی تریش بکەن،وتیشـــی ئێمە کێشەی نەبوونی یاریگامـــان هەیە،ئەگـــەر ئەم کێشـــەمان چارەسەر بکرێت ئەوە ئاســـتمان زۆر بەرەو پێـــش دەچێـــت و یاریزانـــی بەتواناتریش دەردەکەوێت.



**شەیما ئەبا بەکر**





بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە : بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
Email: sport@gulan-media.com rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386

## ئیبراهیم کەریم سەرپەرشتیاری تیپی پاسکیل سواری کچانی نەورۆز:

# بارودۆخی کۆمەڵایەتی کچان لە پاسکیل سواری دور دەخاتەوە

**لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٩ی شاری هەولێرە و لە ساڵی ١٩٨٣تا ١٩٨٥ یاریزانی پاسکیل سواری هەڵبژاردەی هەولێر و عێراق بووە، ئێستاش بەڕێوەبەری تیپی پاسکیل سواری کچانی یانەی نەورۆزە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***ئاستی یاری پاسکیل سواری چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-زۆرباشە و بەردەوام سەرکەوتنی بەرچاو دەبینرێت، رۆژ بە رۆژ ئەم یارییە ئاستی لەبەرزبوونەوەدایە و یاریزانەکانی ئەم یارییەش خاوەنی چەندین نازناون.

***کێشەو گرفتی ئەم یارییە لە چیدایە؟**

-هیچ کێشە و گرفتێکی وا نییە،تەنیا یاریزانانی کچ بارودۆخی جیا جیا یان هەیە لەگەڵ کوڕ،کوڕان زیاتر دەتوانن بەشداربن،کچان لەبەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەندێك دوورن بۆبەشداری کردن لەم یارییە.

***بۆچی ئێوە لە یانەی نەورۆز پارەیەکی زۆر لە تیپی کچان سەرف دەکەن،تیپی کوڕانتان پشتگوێ خستووە؟**

-نەخێر ئەمە وانییە تەنیا لە کاتی وەرگرتنی نازناوەکانیان خەڵات دەکرێن،کوڕانیشمان بەردەوام هاوکاری دەکرێن،بەڵام هەندێك کەس هەن یاریزانەکانیان زۆر پێشکەوتوو نین بۆبەدەستهێنانی نازناوەکان، بۆیە بەردەوام گلەیی دەکەن، دیارن کێن ئەوانە.

***کێشەی نێوان جەنابت و یەکێتی پاسکیل سواری عێراقی بەکوێ گەیشت؟**

-کێشەیەکی وانەبوو، دەمەوێت لێرە بڵێم من بەهیچ شێوەیەك هیچ پۆستێکی وەرزشیم نییە تەنیا بەڕێوەبەری تیپی پاسکیلی یانەی نەورۆزم،نە لەیەکێتی پاسکیل سواری عێراقی، نە لە کوردستانیش نیمە،بەڵام بە شایەدی گشت یاریزانانی پاسکیل سواری کوردستان و عێراق دەزانن چەند هاوکاریانم بۆیان.

***بۆچی دەشنێ فاتیح کاپتنی تیپەکەتان یانەی نەورۆزی جێهێشت؟**

-دەشنێ لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی خێزانیی رۆیشتووە، ئێستا لە هۆڵەندا دەژییێت، تاکو ئێستاش یاریزانی یانەی نەورۆز یاریزانی سەرەکی تیپەکەمانە، هیچ کێشەیەك لەنێوان یانەی نەورۆز و ئەم یاریزانە نییە.

***بە نیازی ئەوە نین قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانانی پاسکیل سواری لە کوردستان دروست بکەن؟**

-بەڵێ ئێمە بەنیازین بە ئاستێکی بەرز پێوەندار نەبێت بە هیچ لایەنێك تەنیا لە خزمەتی کچان و کوڕانی کوردستان دابێت، بەبێ جیاوازی.

***جەنابت لە هەولێر دەژی و سەرپەرشتی تیپێکی سلێمانی دەکەیت، باشتر نییە تیپێك لە هەولێر دروست بکەی؟**

-زۆر ئەم پرسیارەم لێ دەکرێت،بەڵام لە شاری هەولێر ماوەی چەندین ساڵە تەنیا چوار یاریزان هەیە زیاتر نییە، بۆمانەوەی یاری پاسکیل سواری لە کوردستان شاری سلێمانی وەکو کانگایەك وایە بۆیاری پاسکیل سواری کچان، چونکە بەردەوام دەیان یاریزانی پاسکیل سواری هەیە لەو شارە، تەنیا لەبەر ئەم هۆیەیە،ئێستاش یانەکەمان رەزامەندی داوە لەسەر ئەوەی تیپێکی تازەی پێگەیشتووان دروست بکەین لە شاری هەولێر کە پێکهاتووە لە شەش یاریزان لە پاڵەوانیەتیەکانی داهاتوو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەشداری دەکەن.



## سوها عەلی بەرزنجی یاریزانی تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی کەرکوک:

# یاریگای تایبەت بە تۆپی دەستی ئافرەتانمان نییە

**سوها لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ی شاری کەرکوکە، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی ئافرەتانی کەرکوک کە ئەمساڵ لەگەڵ یانەی ئافرەتان بەشداری تۆپی دەستی کوردستانی کردو ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد،ناوبراو دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشییە، لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی کوردستان چۆن بوو؟**

-ئەمساڵ ئاستەکەی باش بوو،بەڵام خراپی ئاستی ناوبژیوانان هۆکاربوون بۆئەوەی تاموچێژی خۆی نەبێت،بۆیە بەهیوام بۆساڵانی داهاتوو ناوبژیوانی شاری دیکە بهێنن بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکان.

***ئاستی یاری تۆپی دەستی کوردستان چۆن دەبینی؟**

-بەڕاستی تاڕاددەیەك باشە لەچاو ساڵانی پێشووتر، ئێستا یانەکانیش گرنگی زۆر بە وەرزش دەدەن لە کوردستان،بەڵام بۆیاری تۆپی دەستی هێشتا ماویەتی بۆئەوەی ئەم یارییە ئاستێکی باشتر بەخۆیەوە ببینێ.

***چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-بە بۆچوونی من ئەگەر بتوانن بەرپرسان یاریگای تایبەت بۆئەم یارییە دابین بکەن، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا یاریزانی زۆر باش دروست دەبێت.

***ماڵەوە تاچەند هاوکاریت دەکەن لە وەرزش کردنت؟**

-دەمەوێ لێرەوە سوپاسیان بکەم کەوا پاڵپشتی بێوێنەی منن.

***دەستەی کارگێڕی یانەی ئافرەتانی کەرکوك چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-بەسوپاسەوە کەمتەرخەمیان نەکردووە بەردەوام هاوکاریان کردوین. هەموو پێداویستیەکانیان بۆدابین کردوین.

***کێشەو گرفتان چییە لە یانەی ئافرەتانی کەرکوك؟**

-تەنیا نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە خۆمان بۆئەنجامدانی مەشقەکانمان، چونکە تیپی ئافرەتانی کەرکوك پێویستی بە یاریگای تایبەتە. ئەگەر بکرێت یاریگایەکی چاکمان بۆدروست بکەن کێشەمان چارەسەر دەبێت.

***هیواوئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-هیوادارم ببمە وەرزشکارێکی سەرکەوتوو بتوانم لەگەڵ یانەکەم ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنین.

***چۆن بوو ئەمساڵ نەبوونە پاڵەوانی خولی تۆپی دەستی کوردستان؟**

-بێگومان ناوبژیوان هۆکاربوون کە ئێمە ئەم نازناوەمان لەدەستدا.

***راگەیاندنەکان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-ئاستیان باشە خزمەتی وەرزش دەکەن،

***ئاستی تۆپی دەستی لە کەرکوك لە چ ئاستێکە؟**

-ئاستێکی بەرزی هەیە بە هیوای ئەوەین رۆژ بە رۆژ ئاستی ئەم یارییە لە بەرزبوونەوەدابێت،کەرکوك هەمیشە پێشەنگ بووە لە یاری تۆپی دەستی، گرنگی تایەبەتیشی پێدەدرێت لەو شارە.

***چیت ماوە لە کۆتایی؟**

-سوپاستان دەکەم بۆبەسەرکردنەوەی کچانی شاری کەرکوك بەهیوام گرنگی زیاتر بە کچانی شاری کەرکوك بدرێت.

# ئەمڕۆ كلاسیكۆی مێژوویی لەنێوان بەرشـ

بڕیارە ئەمڕۆ دووشــەمە لە كاتژمێر ١١ی شــەو بەكاتی هەرێمی كوردستان لە یارییەكی مێژووییدا لە كلاسیكۆی خولی یانەكانی ئیســپانیا هەردوو یانە زلهێزەكەی ئەوروپا بەیــەك بگەن،ئــەم یارییەش بــۆ یانەی ریــال مەدریدو كوڕەكانی مۆرنیهۆ زەحمەت دەبێت كاتێك لە یاریگای نیو كامپی تایبەت بە یانەی بەرشــلۆنە ڕووبەڕووی یەكتری دەبنەوە،كلاسیكۆی ئەمجارە جیاوازە لەگەڵ كلاسیكۆیەكانی تر،چونكــە یانەی شــاهانە بــە بارودۆخێكی بــاش گوزەر دەكات،چونكە ئێســتا لە پێشــەنگی یانەكانی خولەكەیەو لە ســەرووی لیســتی ریزبەندی یانەكانی كۆمەڵەكەی دێت لە خولی یانــە پاڵەوانەكانی ئەوروپا. لەبەرامبەر ئەمەشدا یانەی بەرشلۆنە لەم یارییانەی دوایی خولی ئیســپانیا بەئاســتێكی بەرز دەركەوتووە، بە تایبەتی لە یــاری بەرامبەر ئەلمیریا كە بە هەشــت گۆڵی خاوێن یارییەكەی بردەوە، بــەڵام ئەمانە نابنە پێوەر بــۆ یارییەكە، چونكە یارییەكەی ئەمشــەو جیاوازە لە هەمــوو یارییەكانی تر،چونكە ئێســتا ریال مەدرید خاوەن كۆمەڵێك یاریزانی تازەیە لە ریزی یانەكەی، بۆیە ئەگەرەكان بۆدەستنیشانكردنی براوەی ئەم یارییە زەحمەتە كە كام یانە لەم یارییە براوە دەبێت .




### ریال مەدرید هیچ یارییەكی لە خولی ئیسپانیا نەدۆڕاندووە

تا ئێســتا لە خولــی یانەكانی ئیســپانیا یانەی ریــال مەدرید ١٢یــاری ئەنجام داوە و هیچ یارییەكی لە خولەكە نەدۆڕاندووە لە ١٠یاریش براوە بووە،تەنیا لــە دوویاری بەرامبەر بووە، بەمەش لە پێشــەنگی یانەكان دێت،یانەی بەرشلۆنەش لەیەك یاری لە كۆی ١٢یاری توشــی دۆڕان هاتووە،هــەردوو یانەش خاوەنی ٣٣گۆڵن لەخولەكە،بەڵام ریال شــەش گۆلی لێ تۆماركراوە و بەرشــەش ٨گۆلی لێ تۆماركراوە،ئێســتاش یانەی ریال مەدرید بەتەنیا یەك خاڵ لەگەڵ بەرشلۆنە پێشــەنگی یانەكانی گرتووە،بۆیە بردنەوە لەم یارییە بۆهەردوو یانە گرنگە، چونكە گەیشــتنە بە لوتكەی یانەكان .

### چوار سالە بەرشلۆنە براوە بووە

لە كۆی چواری یاری رابردوو كە لە چوار ســاڵ ئەنجامیان داوە بەرامبەر یەكتری، یانەی ریــال مەدرید نەیتوانویە هیچ یارییەك بباتەوە، بەڵكو لە هەر چوار یاری تووشــی دۆڕان بووە،بۆیە ئێستا ریال بەهەر نرخێك بێت، بەدوای تۆڵە دەگەڕێت.

### یانەی ریال مەدرید و نازناوەكان

یانەی ریال مەدرید چەندین نازناوی گرنگی لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئیسپانیا بەدەستهێناوە، ئەمەش ئەنجامەكانیەتی .

١٧جار پاڵەوانی جامی ئیسپانیا بووە



# ـــلۆنه و ریـــال مەدرید ئەنجام دەدرێت

**٨جار پاڵەوانی جامی سوپەری بەدەست هێناوە**

٣١جارپاڵەوانی خولی یانەکانی ئیسپانیا بووە
٩جار پاڵەوانی جامی یانەکانی ئەورووپای بەدەست هێناوە
٢جار پاڵەوانی جامی یەکێی یانەکانی ئەورووپا بووە
١جار جامی سوپەری ئەورووپای بەدەست هێناوە
٣جار پاڵەوانی جامی ئەنتەر کۆنتینتاڵی بەدەست هێناوە

**یانەی بەرشلۆنەو نازناوەکان**

٩جار پاڵەوانی جامی سوپەری ئیسپانیای بەدەست هێناوە
٣جار پاڵەوانی جامی یانەکانی ئەورووپای بەدەست هێناوە
٢٠جار پاڵەوانی خولی یانەکانی ئیسپانیا بووە
٢٥جار پاڵەوانی یانەکانی جامی شای ئیسپانیا بووە
٣جار پاڵەوانی یەکێتی یانەکانی ئەورووپا بووە
٣جار پاڵەوانی جامی سوپەری ئەورووپا بووە
١جار پاڵەوانی جامی جیهانیی یانەکانی بەدەست هێناوە

**١٠ رووبەڕوو بوونەوەی هەردوو یانە لە ١٠ ساڵی رابردوودا**

ساڵی ٢٠٠٠ریال مەردید-بەرشلۆنە(٣-١)،(٠-٢)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠١بەرشلۆنە –ریال مەدرید(٢-٢)،(٠-٢)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٢ ریال مەردید –بەرشلۆنە (١-١)،(٠-٠)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٣بەرشلۆنە -ریال مەردید(١-١)،(٣-١)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٤بەرشلۆنە –ریال مەردید(١-٢)،(٣-٠)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٥بەرشلۆنە- ریال مەرید (٢-٤)،(٣-٠) گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٦بەرشلۆنە-ریال مەردید(٣-٠)،(٠-٢)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٧بەرشلۆنە-ریال مەرید(٣-٣)،(٠-١)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٨بەرشلۆنە-ریال مەردید(١-٤)،(٢-٠)گۆڵ
ساڵی ٢٠٠٩بەرشلۆنە-ریال مەردید(١-٠)،(٢-٠)گۆڵ
ساڵی ٢٠١٠بەرشلۆنە –ریال مەردید(٢-٠)،(-)

تا ئێستا یانەی ریال مەرید ٧٠یاری بردۆتەوە و یانەی بەرشلۆنەش ٤٦یاری بردۆتەوە .

لێدوانەکانی راهێنەرانی هەردوو یانە

گواردیۆلاراهێنەری یانەی بەرشلۆنە دەڵێ هیچ قسەیەك ناکەم بۆئەم یارییە، چونکە ئەو قسانە و وەڵام دانەوەی مۆرینهۆ تەنیا کات بەفیرۆ دانە وهیچی تر نییە. وتیشی یارییەکی ئاسایی دەبێت وەکو یارییەکانی تر بۆئێمە، ئێمەش وەکو یارییەکانی تر سەیری ئەم یارییەش دەکەین، بە ئومێدی ئەوەشین سەرکەوتوو بین.

کاسیاسی گۆڵپارێزو کاپتنی یانەی ریال مەردید وتی بۆئەم یارییە هیچ قەسەیەك ناکەم،بە یارییەکی ئاسایی دەبینم،بەڵام ئەگەر باسی باشترین راهێنەر بکەی دەڵێم گواردیۆلایە پارساڵ باشترین راهێنەر بوو،مۆرینهۆ هەندێك لەخۆباییە.

